چیرۆک



گوڵبەن شەریف



# بلە گوارە

هەر لەسەر پردەکەی ئاڵتوون کۆپرییەوە ئەوان مشتومڕیان بوو، هێندە بەتوندی پێم لە سکلێتەری بەنزینی سەیارەکە توند کردبوو خۆشم نەمدەزانی سەیارەکەم لە چ خێراییەکدا لێ دەخوڕم، ئیدی تەواو لە مشتومڕی ئەوان کەخەریکبوو هزرمی دەخواردەوە

بێ تاقەت بووم.

– بلە گیان گوێ بگرە، ئەم خۆشەویستییەی من و تۆ کۆتایی پێ هاتووە، ئیدی بەداخەوە ناتوانم لەوە زیاتر بەرگری بکەم، خۆت دەزانی......

برایم نەیهێشت قسەکەی تەواو بکات گوتی:

– بەڵێ خۆم دەزانم، پێویست ناکات دیسانەوە بەگوێمیدا بدەیتەوە.

تەماشای کیلۆمەتری سەیارەکەم کرد لە١٥٠کیلۆمەتر تێ پەڕیبوو، لە دۆڵەبەکرە راوەستام و سەیارەکەم لەسەر بەردەڵانەکەی تەنیشت شەقامەکە راگرت، لە سێبەری سەیارەکە دانیشتم و جگەرەیەکم پێ کرد، ئەوان هزری منیان هەڵدڕی بوو، وەکو ئەشکەوتێکی تاریک بەتەنها مۆمێکەوە دەگەڕان و سەدای بڵندیان لە ناو مێشکی ئەشکەوتیمدا دەنگی دەدایەوە:

– ئیدی بلە گیان ئەمە دوافرسەتی یەکتر بینینمان بوو، من دەڕۆم بەو نیازەی لێم زویر نەبی، بلە گیان لێ گەڕێ با هەر هاوڕێ بین.

برایم لە ئالتوون کۆپرییەوە ئیدی هیچی دیکەی نەگوتبوو، تەنها ئەوندە نەبێت کە دەیگوت"بەڵێ خۆم دەزانم... پێویست ناکات دیسانەوە بەگوێمیدا بدەیتەوە"، چەند پێم خۆش دەبوو گەر بهاتبایە ئەو رستەیەی تەواو بکردایە"خۆت دەزانی......"، خۆ ئەگەر ئەو رستە نەحلەتییەی تەواو کردبایە ئیدی من مێشکم دەحەوایەوە و بەئاسوودەییەوە لێیان دەگەڕام و بیرم لێ نەدەکردنەوە، تۆ بڵێی تەنها لەبەر ئەوەبێت کە برایم......، نا قەت بڕوا ناکەم ئەوە ببێتە هۆی راگرتنی ئەو پێوەندییە بەتینەی نێوان برایم و خەڵات، بە هیچ شێوەیەک بڕواناکەم خەڵات وەها بیرتەسک بێت.

ئەوان هاوڕێی منداڵی یەکتری بوون، بەبیرم دێ چەندین جار دایکی برایم، برایمی بەخەوتوویی لە ماڵی خەڵات دەهێنایەوە، ئەو کاتەی ماڵی ئێمەو ماڵی برایم لە یەک حەوشەدا کرێچی بووین، رۆژێکیان دایکم چاوی پڕ لە فرمێسک بوو بۆ خوشکەکەی دەگریا، دەیگوت:

– ئەو خوشکە بەدبەختەی من سەرەڕای ونبوونی مێردەکەی کە کەس نازانێ چیی بەسەر هاتووە منداڵێکی زۆر سەیریشی بووە!.

ئەو کاتەی باوکی بزربوو برایم هێشتا نەهاتبووە دنیاوە.

زۆر جار پرسیارم لێ دەکرد:

– برایم بۆ ناچی لەگەڵ منداڵەکانی دیکەی گەڕەک یاری بکەیت؟

دەیگوت:

– بەخوا خۆشیم پێیان نایات، ئەوان قەشمەریم پێ دەکەن، پاشان کەسیان خۆیان لە من تێ ناگەیەنن، تەنها ئەو کاتەی لە یاریکردن ماندوو دەبن ئیسراحەتی خۆیان بەگاڵتەکردن بەمنەوە بەسەردەبەن.

– ئەی خەڵات، خەڵات گاڵتەت پێ ناکات؟

– تا ئێستا نەیکردووە، ناشزانم لە داهاتوودا. کاکە هەرچۆنێک بێت من خەڵاتم پێ باشترە، هەرچەندە دایک و باوکیشی کە دەمبینن بزەی پێکەنینیان دێ، بەڵام من خۆم نابەمە ئەو بارەوەی کە لەگەڵ منیان بێت.

نزیکەی دە رۆژ پاش لەدایکبوونی برایم لەگەڵ پوورم سەردانی پزیشکمان کرد بۆ ئەوەی چارەسەرێکی بکەین، پزیشکیش لای خۆیەوە لەسەر کاغەزێکی بچووک بەئینگلیزی هەندێ شتی نووسی و رەوانەی تاقیگەی کردین،پاش سێ رۆژ گەڕاینەوە و وەڵامی تاقیگەشمان هێنایەوە لای پزیشکەکە، ئەویش ئارەقی سەرە رووتاوەکەی بەدەسەسڕێکی مۆر سڕییەوە و چاویلکەکەی لەچاوی لابرد و گوتی:

– بەداخەوە ناتوانم نەشتەرگەری بۆ بکەم، لەبەرئەوەی...یەکەم؛ بەدەمارێکەوە بەستراوەتەوە کە راستەوخۆ بۆ ناو مێشکی دەچێت، لەوانەیە لە کاتی نەشتەرکردنی تووشی خوێن بەربوونێکی کوشندە ببێت!، دووەم؛ لەبەر ئەوەی خانەکانی ناوەوەی خانەی سەرەتانین و ئەگەر لەنەشتەرگەرییەکەشدا سەرکەوتن بەدەست بێنین، پاش ماوەیەک دیسان سەر هەڵدەداتەوە، لەوانەیە ئەمجارەشیان هەر زیاد لە پێشوو قەبارەی گەورەتر بێت!، بەکورتی ئەو زیادەیەکی کوشندەیە، ئەمجا زوو یان درەنگ!.

گوتم:

– باشە دکتۆر گیان یەعنی تەواو هیچ چارەسەرێک نییە؟

– لەم وڵاتە نەخێر!.

دەستی نا بەجەڕەسی سەر مێزەکەی و نەخۆشی دیکە هاتنە ژوورەوە، من و پووریشم

بەنائومێدی دەرچووینە دەرەوە، لە ڕێگا پوورم هیچ قسەی نەدەکرد تەنها ئاخ هەڵکێشان نەبێت.

پاش چەند ساڵێک برایم زۆر لێهاتوو بوو لە قەسەکردندا، هەموو جارێک کە قسەیەکی بیرمەندانەی بکردبایە بە گاڵتەوە پێم دەگوت:

– برایم دەزانی خوا دوو میمۆری یەدەگی بەلای مێشکتەوە هەڵواسیوە.

قاقا پێ دەکەنی، برایم هیچ کاتێک پێ نەدەکەنی، تەنها بەو قسەیە نەبووایە، هەموو جارێکش پاش ئەوەی زۆر بەو قسەیە پێ دەکەنی بە ئاخ هەڵکێشانێکەوە دەیگوت:

– بریا نەمبووایە!.

تەنها هاوڕێی برایم من بووم کە دەمدووان و گاڵتەم پێ نەدەکرد، بەهەموو شێوەیەک هەستیم رادەگرت، ڕۆژانە یەکترمان دەبینی و لە بارەی زۆر شتەوە گفتوگۆمان دەکرد، تا ئەو ڕۆژەی خۆشەویستی خۆی بۆ خەلات لام ئاشکرا کرد، ئیدی هەندێ شڵەژام، بەلام هەر زوو خۆم کۆنترۆڵ کرد و پێم گوت:

– بەلام برایم تۆ لە حوکمی ڕۆژگار ناترسیت؟

– مەبەستت چییە.

– مەبەستم ئەگەر ڕۆژێک هاتوو خەلاتیش وەکو ئەوانی تر بوو!؟.

– نەخێر بەهیچ شێوەیەک ناترسم، ئەگەر واشبوو ئەوە بەوپەڕی سینگ فراوانییەوە وەری دەگرم، چونکە لە هەموو بارێکدا من مەحکوومم بەم ژیانە، ئیدی تاڵ یان شیرین دەبێ بیچێژم.

– بەلام برایم ئەمە مەسەلەی چێژتنی ژیان نییە، ئەمە خۆ لە سێدارەدانە.

– بۆ پێت وایە من لە منداڵییەوە لە سێدارە نەدراوم؟، کاکە من تەواو لەگەڵ لە سێدارەدان ڕاهاتووم، دەزانی من ئێستا وام لێ هاتووە لەزەت لە سێدارەدان وەردەگرم، ئەی لە سێدارەدان چۆنە؟ تەنها تۆ و خەلات نەبێت هیچ کەسێک قسەیەکم لەگەڵ ناکات، مەگەر بۆ گاڵتە پێ کردنم نەبێت.

بۆ ئاگادار نیت؟، چەندین ساڵە هیچ جارێک منت لە پاسێکدا یان لە تاکسییەکدا بینیوە؟، نازانم ئەم خەڵکە چۆن من دەناسنەوە، پرچم درێژ دەکەم یان خوترەیەک لەسەر

دەکەم هەر سوودی نییە، دەڵێی لە نێوچەوانیشم شتێکی دیکە هەیە و نەمزانیوە وا هەر کە دەمبینن راستەوخۆ پێم دەڵێن"ها بلە گوارە چۆنی!".

بەڕاستی شەرم دایگرتم کە بۆ یەکەمین جار لە زمانی خۆیەوە گوێبیستی ئەو وشەیە ببم.

گوتم:

– برایم زویر مەبە چاوەکەم مەبەستم نەبوو بێزارت بکەم بەلاّم ویستم شتێکت لەو بارەیەوە پێ بڵێم، گوتم لەوانەیە بیرت لێ نەکردبێتەوە.

هەردوو چاوی پڕ لە فرمێسک بوو، زۆر لەسەرخۆ گوتی:

– من تێ ناگەم خوا بۆ دروستی کردووم؟، کە دروستی کردووم بۆ وەکو خەڵکانی دیکە دروستی نەکردم؟، بەداخەوە من بوومەتە مایەی خێر و شەڕ بۆ مرۆڤە دیندارەکان، شەڕم بۆ ئەوانەی گاڵتەم پێ دەکەن و خێرم بۆ ئەوانەی وەکو تۆ دڵیان پێم دەسووتێ، هەر لە لای منەوە عیبادی خوا دابەشی بەهەشت و دۆزەخ دەبن.

ئاخ چەند ماندووم لەم ژیانە، ئومێدەواربووم رۆژێک... تەنیا یەک رۆژم بەسەربچێ بێ ئەوەی کەس گاڵتەم پێ بکات.

ئەم عیبادی خوایە چەندە دڕندەن، تێ ناگەم بۆ هەست بەئازاری خەڵکانی دیکە ناکەن، نازانم ئەم خەڵکە بێ ویژدانە چییان لەمن دەوێت؟.

قەت برایمم وەها نەبینیبوو، پاش ئەو قسانەی لەوپەڕی ئارامییەوە گۆڕا بۆ ئەوپەڕی هەڵچوونی دەروونی، بەڕاکردن لە حەوشەکەوە رایکردە سەربان و سەرکەوتە بان ستارەی خانووەکە، بەرامبەر بەشەقام و بازاڕەکە راوەستا و فرمێسکی هەڵدەڕشت و بەهەموو دەنگی خۆی هاواری دەکرد:

– کێ دەیەوێ بچێ بۆ بەهەشت با بێ دڵی بەمن بسووتێ... وەرن من سووتەمەنییەکم خوا بۆ مسۆگەرکردنی بەهەشت و دۆزەخی ئێوە دروستی کردووم!!!.

ئەو خەڵکەی لە ناو شەقام و بازاڕەکەدا راوەستابوون، تێکڕا سەرنجیان دایێ، هەندێک دەیانگوت"مەگەر شێت بووە؟"، هەندێکش قاقا پێ دەکەنین و هەندێکش بەڕوخساریانەوە دیار بوو دڵیان پێی دەسووتا. لەو دەمەدا پوورم لە پشتەوە بەتوندی باوەشی پێدا کرد و لە ستارەکەی هێنایە خوارەوە، هەر بەڕاکردن چوومە سەرەوە، برایم و دایکی باوەشیان

بەیەکا کردبوو و بەکوڵ دەگریان، فرمێسک زاییە هەردوو چاوانم لە شوێنی خۆم دانیشتم، پاشان هەر لەو دوورەوە گوتم:

– برایم حەیاتم بۆ وادەکەی، خۆ من هیچی وام نەگوتووە؟.

برایم هیچ وەڵامی نەدامەوە، لەو کاتەدا دایکی قیژەیەکی بڵندی لێ بەرز بووەوە، کە چوومە ئەوێ، بەڕاستی منیش وامزانی مردووە، بەچاوەکانی زەق تەماشای دەکردین و کەفێکی سپی بەلای دەمێوە فەوارەی دەکردە دەرەوە و رەنگی وەکو لیمۆ زەرد هەڵگەڕابوو، پاش ئەوەی زۆر بەسەرییەوە گریاین و دراوسێکان لێمان بەئاگا بوونەوە، هێدی هێدی برایم بەخۆهاتەوە، دایکی خەلاتیش لەوێ بوو، بەزەردەخەنەیەکەوە گوتی:

– دەی بلە ئیتر نازمان بەسەردا مەکە، چیتە بۆ وادەکەی؟، شێت بووی؟.

دایکی برایم لە ناخۆشی ئەو قسانەدا چەقۆت لێی دابا خوێنی لێ دەرنەدەچوو، برایم هەردوو چاوی داخستەوە و هەروا بەهێمنییەکەوە گوتی:

– نا نا دایکی خەلات هێشتا شێت نەبووم، بەلام خەڵکانێک شێتم دەکەن!.

دایکی خەلات بێ ئەوەی شتێک بڵێت چاوی بەردایەوە و بێ خواحافیزی دابەزییە خوارەوە و رۆیشت.

ئیدی برایم لەو رۆژەوە تووشی ئەو خووە بوو، هەر کاتێک دەروونی هەڵچووبا، یان قسەی ناخۆشی پێ کرابا، ئەو دەکەوتە سەر زەوی و کەفی سپی هەڵدەهێنایەوە.

هەر بەم هۆیەشەوە نەیتوانی ماستەرەکەی تەواو بکا، "ئاخر برایم لە بەشی دەروونزانیدا"سایکۆلۆژی–Psychology" قوتابی ماستەر بوو".

هەر لە ماڵەوە مایەوە تا ئەو رۆژەی کە بەیانییەکی زوو بوو لەلای برایم دانیشتبووم، خەلات هات بۆ لای و ئەو قسانەی پێ گوت کە من تا ئێستا کە لە سێبەری سەیارەکەم دانیشتووم نەمزانی خەلات مەبەستی لەو قسانە چی بوو، سواری سەیارەکەم بووم و گەڕامەوە ماڵەوە، چوومەوە لای برایم، بێ هیچ پێشەکییەک گوتم:

– برایم...خەلات مەبەستی لەو قسانە چی بوو؟ خۆشت چی دەزانی ؟ کە نەتهێشت قسەکانی تەواو بکات و بەمنت گوت"ئەگەر دەکرێ بەتەنیا جێمان بهێڵی"؟.

تەماشام کرد برایم حاڵی باش نییە، دەیان کتێبی قەبەی جۆراوجۆری بەکراوەیی لە

دەوروپشتی خۆی دانابوو، هەموو کتێبەکانی لەسەر وێنەی ئەو نەخۆشانە کردبووەوە کە پارچە گۆشت یان ئێسکی زیادە لە روخساریاندا هەبوو، یەک لە وێنەکان زۆر سەرنجی راکێشام "ئافرەتێکی رەش پێست بوو، لەراستیدا ئەگەر مەمکەکانی نەبایە نەمدەزانی پیاوە یان ئافرەتە، بڕوا بکە ئەگەر وێنەکە تەنها روخساری بووایە ئەسڵەن هەر نەمدەزانی بەشەرە، هەردوو چاوی بەشێوەیەکی وا دەرپەڕیبوونە دەرەوە بڕوات نەدەکرد تا ئێستا چۆن لێی بەرنەبوونەتەوە، لچ و لێوی بەئەندازەی دوو هەرمێ ئەستوور بوون و تێکڕای دانەکانی هاتبوونە دەرەوە، لە سەرەوەی وێنەکە نووسرابوو:

– من بۆیە خۆم کوشت، چونکە ئیدی تەواو هیچ ئومێدێکم نەما!!!."

برایم لە ناوەندی کتێبەکانییەوە بەبێ تاقەتی هەستا و هاتە لامەوە، بەدەستی ئاماژەی دانیشتنی بۆ کردم، پاش ئەوەی دانیشتین، تا ماوەیەک هیچ قسەیەکی نەکرد، بەڵام هەروا بەو سەرمایە ئارەقەی دەکرد، بەڕاستی زۆر لێی ترسام و لە پرسیارەکانم پەشیمان بووم.

گوتی:

– کاکە بەیارمەتی خۆت من رادەکشێم، هەست دەکەم زۆر بێ تاقەت و ماندووم.

سەری لەسەر دوو بالیفی لەسەریەک دانا و بە ئاخ هەڵکێشانێکەوە دەستی بەقسەکردن کرد:

– کاکە دەزانی رۆژگار حوکمی خۆی دا؟...... هەمان ئەو حوکمە بوو کە تۆ ئاگەدارت کردمەوە لێی!.

خەڵات بۆ ئەوە هاتبوو کە پێم بڵێت "بلە گوارە خواحافیز، هاوڕێتی منداڵیمان و خۆشەویستی گەورەبوونیشمان چش!!!".

زۆر دڵم بەحاڵی دەسووتا، تاقە کەسیش من بووم کە بەناوی خۆیەوە بانگم دەکرد، هەموو منداڵ و گەورەی گەڕەک پێیان دەگوت "بلە گوارە" چونکی دوو زیادە گۆشت بەئەندازەی هێلکەیەک بەهەردوو گوێیەوە وەکو جوتێ گوارە هاتبوونە خوارەوە.

برایم دیسان خوویەکی توندی گرتەوە، بەڵام ئەمجارەیان دوا خوو بوو کە گرتی، ئیدی جەستەی برایم جەستەیەکی ساردی بێ گیان بوو.